kurdishebook.com
@KURDISHeBook




شیعر
پشیلەیەک لە جانتادا
بەهار حسێنی

١

ئەم پاییزە زۆری خایاند

من بە دیارتەوە بووم

تۆ چاوەکانت سوور سوور

تۆ بە دیارمەوە بوویت و

دڵی من وەنەوز دەیباتەوە .

لەمماڵە دوو کەسییەماندا

هێندە پێکەوە دواین

نازانم کاممان ئەویترە

ئێمە نەخۆشینی سەرگەردانیمان گرتووە

تۆ دەڕۆیت و دەستی منیشت توند گرتووە

من دەڕۆم و دەستت بەرنادەم

ڕۆیشتن هاتنەوەمانە و

هاتنەوەیشمان ڕۆیشتن .

سەیرەماڵەکەم

سەرنجت داوە؟

ئەم ئاوێنەیە

ماوەیەکە

کەسێك نیشان ئەدا

لای ڕاستی دەموچاوی ئەسمەرە و

لایەکەیتری سپی.

پیتییەک لە جانتادا

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

٢

نامەوێ بیرت بکەم

تۆیش ناتەوێ

کاتێك نان دەخۆین

پەنجەکانت بکەیتە کەوچکم و

پێیەکانیشت مێز

ناتەوێ گۆرانییەکانت بۆ بڵێمەوە

شیعر و رۆمانت بە چرکەیێ بۆ وەرگێڕم

بە دیار فیلمێکەوە جگەرە بکێشین

دیتنی ئاواتەکانی بە جاتی بدا

پێستت بووەتە بار لێت

ئیسك و خوێنمان ژان دەیانگرێ

نامانەوێ بیری یەك بكەین

ئەمە تاكە درۆییێكە

لەگەڵ خوا و خەڵك و خۆمان دەیكەین.

### ٣

من خزابوومە ژێر پێستی

لەوێوە دەمڕوانییە ئەو کەسانەی بۆم دەگەڕان

پێستی ئەسمەر بوو.

دەرەوە

دایمە ئێوارەیەکی لێڵ بوو

چاوم دائەخست و

بە دەم خواردنەوەی خوێنی خەوم لێ ئەکەوت

ئەویش وردە وردە

دەمارەکانی توند ئەکرد و

لە ژێر سەرمی دائەنا

لە سییەکانییەوە

بۆنی جگەرەکەی بۆ ئەناردم

من لە ژێر پێستی ئەژیام و

لەوێوە ئەمڕوانییە دەرەوە

من پەنابەری وجوودی بووم و

ئەو بوونمی لە خۆیدا حەشار دابوو

ئەمە چیرۆکی من و ئەو

کە ئێستاش وەك ئەوسا درێژەی هەیە.

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

٤

ڕێگامان بڕی

خۆرمان کوژاندەوە و

مۆبایلەکانمان هەڵدایە ناو بێدەنگیی

دەرگاییێکمان دیتەوە

دەرگایێکی بێ ماڵ

کە دوو دیوار ڕایان گرتبوو.

وتی:ملی ڕێگا بگرین و بڕۆین ؟

وتم :دەرگاییێکی بێ ماڵین بە دوو دیوارەوە

جگەرەکانمان پێکرد و گەڕاینەوە

بیرمان لای دیوارەکان و دەرگاکە بوو

کامان،کامانی ڕاگرتبوو؟

٥

**شیعر و فیلم و**

**نەبوونت لە کوێی دڵم دانێم؟**

**تۆ دیسان عاقڵتر وتت:**

**تا هەی هەم.**

**من دیسان وتم:**

**چۆن بوونێك ، بوونم؟**

٦

لێت ئەترسم

وەك چۆلەكەیێك

كە لەرزی بارانی لە كۆڵ نابێت و

بەرەو چڵێكی بێ گەڵا بفڕێت.

لێت ئەترسم و

دیسان دەرگاكە

پێكدا ئەدەم و

لەسەر سینگت دەگریم .

لێت ئەترسم و

بەدەوام بۆت ئەگێڕمەوە

لە ترسی چی

هەمیشە لە جگەرە کەتەوە دێمە سییەکانتەوە

کەسم

ماڵەکەم

باوانم

لێت ئەترسم و

لە هەموو کەسێکیش زیاتر لێم نزیکی

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

٧

گەمەکە سەیر لێم ببووە راستی

ئەمە کێشەی ژنێکە

بەردەوام

سەر بۆ شیعر دائەنەوێنێ

ئەگینا

خوێن لە دەمارەکاندا دەڵەمە بکات

یان لە خۆڵێکدا ون

کوا

کێشەی پیاوێکە

شیعر ئەنووسێ

بۆ ئەوەی

سەری ژنێك دانەوێنێ

٨

دانیشتبووین بە دەم قسە کردنەوە

خۆم هەڵدەوەشاندەوە

ریشۆڵەکانم کەوتبووە زەوی و

ئەو جگەرەی دەکێشا

ریشولەکانم هەڵگرتەوە و

لە یەکم گرێدان و تۆپێکی خڕم لێ ساز کرد

ئەو جگەرەکەی کوژاندەوە

من ببوومە تۆپەڵەییێك لە خوێن و پێست

کتوپڕ پشیلەکەی گلێنەی

پڕیدامێ و تا توانی شێواندمی

پشیلەیەك گەمەی دەکرد و

من رامکردبووە پشت دووکەڵی جگەرەکەت .

٩

نینۆکەکانم سوور کرد و

عەترەکەم لێدا

تۆ لە نێوان من و ئاوێنەدا وەستا بوویت

پێکێکت تێکرد

من بەرانبەرت دانیشتبووم

دەنگی گۆرانییەکەم بەرز کرد و

خزامە باوەشت

پشت ئۆتۆمبیلەکەت هەڵدایەوە

کتێبەکان چاویان تێبڕین

سەرمانننا بەسەر یەکەوە و

دەمانچەکە

خوێنمانی ئاوێتەی یەك کرد

ئیتر رۆمانێك بێ تەواو بوون

بۆ هەمیشە خوێنرایەوە ..

١٠

دەستمی گرت و

چووینە ژوورێکی سەیر

دووکەڵ بوو،

سەرما و باران

لە کونێکی سەقفەکەوە

دەڕژایە سەر مێزەکە

جگەرەکەی پێکرد

شیعرەکانم لە گیرفانی دەرهێنا و

وتم:

یەڵداتان پیرۆز.

لەو شەوەوە

پاییز بووە کەسی سێیەمی نێوا نمان و

دڵم هەناری گرت.

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

کەسم ١١

لە کراسە شینەکەت سڵ بکە

نەفرینێکی سەیری تێدا بەدی دەکەم

وا ئەبینم

لە شەقەی باڵئەدا

لە بەرزاییێکەوە

شۆڕ دەبێتەوە بۆ ئەوەی سەر کەوێ

ئەبینم

لەسەر تەختەکەم

بەدەم جگەرە کێشانەوە گڕ دەگرێ

بە دیار مەچەکمەوە

سوور هەڵدەگەڕێ و

بەرەو نادیارێك

کوڵی گریان هەڵدەگرێ

کەسم

ئەم ماڵە شینەی من

تابوتییێکی سارده بە کۆڵمەوە

پە نجە راکێشراوەکان

لە مشتمدا دائەشارێ و

بە دەرگاکەیدا ئەدەم

نەفرین کراوە

کەسم

ئەم شینە ئاسمانییە

بەم دوو جووتە گیرفانە بێ دوگمەیەوە .

١٢

ساعاتێك ئەبوو

پیاوێك

میلەکانی کاتژمێرەکەی

لە سەر مێزێك ڕۆ کردبوو

خەریك بوو سەقفی خانوویێکی پێ ساز ئەکرد.

بەم کاتژمێرە بێ میلەوە

نازانم بڵێم چەند ساعاتە

کراسێکی سپی چاوەڕێیە

کراسێکی ڕەش جێبێڵێ و

لە ماڵێکی دروستکراو بە میلی کاتژمێردا بژی.

**١٣**

**کات تێئە پەڕێ و شەقامەکان دە گۆڕان**

**من لە شوێنی خۆم وەستابووم**

**دەگریام و چاوم تەڕ نەئەبوو**

**پرخەی ئەهات ژیان**

**من زیت ئەمڕوانی**

**شیعر گلەیێکی تەنیا بوو**

**نەبوویت ماچێکی تاڵم بکەیت و**

**بەو ماچانە پێبکەنین کە بۆنی بنێشت ئەدەن**

**دەبوا بۆت بگێڕمەوە**

**دوێشەو نامەکانت نەبوا**

**کەس بە بای خەیاڵیشیدا نەدەهات**

**من وەستاوم و**

**کات تێدە پەڕێ**

**شەقامەکان دەگۆڕێن و**

**هەر وەستاوین .**

دیاریەك لە جاناندا

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

١٤

وتی: ژوورێکم لە منا تا ئەتوانی هاوار بکە .

وتم: دەستم بگرە ، سەرما بردمی .

دەستم لە دەستەکانیا بوو

چوار دیواری تەنی بوو لە دەورم

من لە پنجەرە و با ئەترسام .

وتی: سەرت بنێ بە سینگمەوە

وتم: ئەترسم کە لە دایکبووم بڕۆیت

بووە سۆز و من لە پێڵاوە رەشەکانی ئەترسام

وتی: تا من هەم لە هیچ شتێك مەترسە

وتم : ژێر چاوم رەشە ناوێرم بخەوم

بووە لایلایە و من لە وشەکانی لایلایەکەی ئەترسام

هەموو بەیانییێك کە ئیتر ئەو نییە و هیچ ناڵێ

من بەدەم دەمووچاو شۆردنەوە ئەڵێم:

چ بێ رەحم بوو

ئەوەی یەکەم جار بەڵێندانی داهێنا!

١٥

شەوێکی پاییزی بوو

ئۆتۆمبێلەکانمان راگرت

لە باوەشمی کرد

وتی: لە دایك بوونمانە

خەڵکی دووکانەکە

بەرەو خۆیان رایان کرد

بە جێمان هێشتن

لە لێوار جادەکە دانیشتین

کەیکەکەمان دانا

پەنجەی لە کەیکەکە وەردا

پاییز وتی: ئیتر خەمتم نییە

ئەتوانم بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە بڕۆم

شەو پێکەنی و

من رامکردەوە رەحمی

تا نۆ مانگیتر کە پاییز دێتەوە

گەر بیرتان کردم

لە خوێنی ئەودا بۆم بگەڕێن

دیتیلیایەك لە جانتادا

ژووره كه هێشتا بۆنی جگەرەی لێدەهات ١٦

هەموو لە شوێنی خۆیان بوون

كۆتایی ئەو دانیشتنەیش وەك هەمیشە وابوو

ئێمەیش وەك هەمیشە

جیابووینەوە لێیان

چووینە كۆڵانێك و

لە نێوان دوو ئۆتۆمبێل

لە سەر زەوی دانیشتین

تاكە جگەرەییێكمان پێمابوو

سەری لەسەر رانم دانا و

وەك هەمیشە هەموو شتێك وەك خۆی بوو

رۆمانێك كە كۆتایی پێ نایەت و

دوو كەس وەك هەمیشە

لە وەك هەمیشەكانی كەس نەئەچوون .

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

۱۷

دانیشتم

جگەرەکەکم لێ وەرگرت و

وتم: جانتایەك لە سەر پلیکانەکانە

وتی: خەمت نەبێ جلەکان

نە گەورە ئەبن و نە پیر .

وتم: یانی هێشتا ژنێك و منداڵێك

لەوێدا نە پیر ئەبن و نە گەورە ؟

دەستمی گرت

جگەرەکەی لێ وەرگرتمەوە و

وتی:

درەنگ گەیشتن

وەك جانتاکەی سەر پلیکانەکانە

بۆنی نە پیر ئەبێت و نە گەورە .

---

*بۆ جانتاکەی ژیلا کە جلەکانی ئەو و ژینای خوشکم ١٨ ساڵە لەوێدا نە پیر دەبن نە گەورە.

**١٨**

**خۆینم نەخۆشت کەوتووە**

**یان تۆیت دیسان**

**لە دەمارەکانی منا**

**رەش دەر ئەکەوی ؟**

**لەگەڵ خۆم ئەدویٚم یان**

**خەریکم بۆت ئەگێڕمەوە ؟**

**وێنەت ئەگرم لە ئاوێنەدا**

**یان ئاوێنەیە**

**وێنەمان ئەنوێنیٚ ؟**

**عەتر لە خۆم ئەدەم یان**

**بۆنت دائەشارم ؟**

ئەم رۆژانە شەوەکانی هاتنتن یان

شەوەکانی نەهاتنتن کە رۆژن و ناخەوم ؟

دکتۆرم پێویستە بێت و

تۆ لە من جیاکاتەوە

وەك تۆمۆریکی کتوپڕ کە لە منا هەڵیدا .

١٩

سەعات دوانزە

من سیندرلاییێکی عاشق بووم .

تۆ، شازادەییێك کە باوەشم

دەستپێیێکی سەرەتاییێکی سپی بوو .

سیحری ئەم شەوە وا بوو ،

بێ ئەوەی بە دەوامدا بگەڕێی

لە گەڵ داگیرسانی جگەرەکەتدا

ئەگلێمە باوەشتەوە

بەشکەم بە باوەشتەوە نەگلێم .

دیتنەوەیەك لە جانتادا

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

٢٠

لە ئێوارەوە تا درەنگانی شەو

دەستم لە ژێر سەرم دائەنێم و

گوێ لە شاعیران ئەگرم

ناتدۆزمەوە

لە پرخە پرخی بن میچەکە بەخەبەردێم

دەمم هێشتا تاڵ و سەرم هێشتا سووک

سەعات شەشی بەیانییە

کتێبەکانم کەڵەکە دەکەم و

شقارتەیەکیان لە ژێر رائەگرم

سەعات بووەتە هەشت

لە ئاوێنەیەکی تەماویدا

چاوم دادەگۆڕێ و

لێوم دەرژێ.

ناتدۆزمەوە

دەنگی گۆرانییەکە زۆر ئەکەم

دەنگی خۆمم گوێ لێنەبێت و

لێدەخورم .

سەعات نۆی بەیانییە

دەنووسم: بەیانیت باش

بە یانیت

بە یانیت باشە؟

سەعات دووی نیوەڕۆیە

دەنگی گۆرانییەکە بەرزتر ئەکەم و بەرەو ماڵ

خۆم لە هەموو ئۆتۆمبێلە ڕەشەکان لائەدەم .

سەعات سێ...، چوار...، پێنج،...

دەمەوێ

کەسێك بدۆزمەوە

ژمارەی پێڵاوەکانی جیاواز بێت

ناتدۆزمەوە

دەخرێمەوە ماڵە شینەکەم

دوگمەکانی تا ژێر ملم دائەخەم

ئەڵێن: حەب خواردن ئسکیزوفرنی دوور ئەخاتەوە

دوگمەی سەر قەوڵەکانیشم دادەخەم

ئەڵێن : حەب خواردن خەونت ڕێك دەخات

خەریکە ئەبێتەوە ئێوارە

شاعیرەکان چاوەڕێن و

کتێبەکانیش ...

ئەمەوێ نهێنییەکتان پێبڵێم :

ڕۆژێك کە بتڵە ئاوەکەم تەواو دەبێت ، ناتوانم بیکرمەوە بۆیە ئیتر حەبیشم

بۆ قووت نادرێت ، مەلافەکە تا سەر سەرم

هەڵدەکێشم .

٢١

پیاو: ئێمە لە دووی چین ؟

ژن: پێکەنی ..

سەری شووشەیەکی لە دەست بوو .

پیاو: ئێمە دەمانەوێ بگەینە کوێ ؟

ژن: پێکەنی ..

نێو سەری شووشەکەی هەڵدەکۆڵی .

پیاو: ئێمە دەبێ شێتێکی عاقڵ بین .

ژن

جگەرەکەی لێوەرگرت و

لاستیکەکەی پێ کون کرد و

دایە دەستی پیاو .

ها پە نجەی دووەمی دەستی چە پم بۆ تۆ .

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

٢٢

تاریك بوو

تازە گەیشتبوومەوە ماڵ

پێم لە سەر کاشییەکە دانا

خوێن ، پەنجەکانمی سوور هەڵگەڕان .

پەنجەرەکە

سەرمایەکی ئاڵاندە دەستم

هەموو شوێنێك وردە شووشە بوو

خۆم گەیاندە لای مێزەکە

جگەرەیەکم داگیرساند و

بیرم کردەوە

ئاخر لە تۆ بەرەو کوێ رابکەم ؟

لێتان ناشارمەوە

ئەو شەوە رێك وەك ئێستا

سەرمایەکی سەیر دایگرتبووم .

٢٣

گەر پیاوێك

ژنانێکی زۆری خۆشنەویستبێت

ناتوانێ منی خۆشبوێ ،

من بە تەنیا

بە قەد زۆربەی ژنانی دونیا

عەترم لە خۆم داوە و

گریاوم و

پێکەنیوم .

گەر پیاوێك

زۆربەی ژنانی دونیای خۆشنەویستبێت

ناتوانێ

جانتاکەم بۆ ماوەیەکی زۆر

بە کراوەیی رابگرێ .

٢٤

له ماڵێكدا بژیت

كه لێی ناژیت

له هه‌موو دنیادا

تاكه قه‌برێكت هه‌بێت

له به‌رزاییه‌كی شارێكی غه‌ریبدا و

له كراسێكدا ، شین بگێڕی

كه وڵاتێكی داگیركراوی سووتاو بێت .

لێره به دواوه من

له‌مدیو میله‌كانی په‌راسووه‌مه‌وه

خه‌ڵتانی خوێنتم .

**شەکەت** **٢٥**

بۆنی شەرابی شیرازمان لێدێت ،

خاکمان لەتر ئەدات

شەقام دەمانپێکێ

دە پێکێندرێین

غەریب کەوتووین

لە شوێنێکی دوور

لە ئاسمانێکی هەڵرژاو

چ ترسناکە

دایکە

سینگی ئێمەیە کە بەردەوام دە پێکێندرێ

چ دوورێکی گەڕیدەی هەمیشەیین

دایکە .. ئێمە چ گەڕیدەیەکی هەمیشەیین !

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

٢٦

له شووشه‌یه‌کی ماته‌وه

چاومان له نێو مزگه‌وتێك کرد

کۆڵانی پشت سه‌رمان تاریك بوو

له شووشه‌یه‌کی شکاوه‌وه

چاومان له نێو سینه‌مایه‌ك ده‌کرد

کۆڵانی پشت سه‌رمان تاریك بوو

له شووشه‌ی ئۆتۆمبێله‌که‌وه

چاومان له ماڵێك ده‌کرد

کۆڵانی پشت سه‌رمان تاریك بوو

دابه‌زین

بارانێکی به‌ خوڕ دایکردبوو

توند منت به‌ سینگته‌وه‌ نووساند

پیاو کوژه‌کان

چرای ماڵه‌کانیان پێکرد

کۆڵانی ژێر پێمان هێشتا تاریك بوو .

**٢٧**

**بەرانبەرم دانیشتبوو**

**دوو باڵی سپی لە سەر شانی روابوون**

**بۆنی پاییز دەهات**

**ئۆتۆمبێلەکان**

**خوارتر لە ئێمە تێدەپەڕین**

**هەموو شار رژابووە لای چەپ و**

**لای راست دەشتێکی بەرین**

**چەند پۆلیسێك**

**دەمانچەیان لە بیری کوشتن بە تاڵ کردەوە و**

**بە جێیان هێشتن**

**لە سەر پشت راکشام و**

**بیرم کردەوە**

**جگە لەو باڵانەی بوونەوە هەور**

**چ شتێکی ئەم شەو خەیاڵە ؟**

دیاریەك لە جانتادا

٢٨

وەك باڵۆنێكی بە تاڵ

ناو سكم گرێ گرتووە و

بێ ئاسمانیی

لێرەوە

دەبێتە كورسییەك و

خۆی لەژێر پێم لادەدات .

ستێپییەك لە جانتادا

۲۹

جانتاکەی لە سەر تەختەکە دانا

ڕۆیشتم چاییەکەم تێکرد

وتم : جگەرەییێکیتریش بکێشە

وتی : دەرەقەتی غوربەتی تۆ نایەم

وتم : دەی ئاخر خۆرە ، بەفرە ، بایە ، بۆرانە ، گەرمە ...

چایەکەم تێکرد

دەرگاکەی پێك دادا و ڕۆیشت .

( ئەمە با لای خۆمان ئەمانت بێت چاییەکە هێشتا

لە سەر مێزەکەیە و زستانی بە سەردا دادەبارێ

منیش هەرچی چاو لە دەستم ئەکەم

ئەبینم هیچ لا پەڕەیەکی پێوە نەماوە و

لە ترسی ئەمەیە چراکان پێناکە )

دیتیلیەیە لە جانتادا

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

۳۰

پاڵتۆییێك بە لێوار پردێکەوە

شۆڕ دەبێتەوە و دەڕشێتەوە

كۆڵتێك سوار دەبێ و

جگەرەییێك ساڵانێکی زۆر

سووتووەکەی دەرژێنێتە دەریا

دەمیاوێنی پشیلەییێك و

چرنۆك لە بیرەوەری دەگرێت

زەوی هێلەکانی تا دوگمەی ژێر مل هاتوون

شەمەندەفەرێك ڕێ دەکەوێ

بیر لە وێنەی سەربازێك دەکەمەوە

کە کچێك ماچ دەکا

من بەرەو هیچ کوێ بلیتێك ناکڕم

ماچەکانم دەدەمە سەگێك

کە کلکە سووتەم بەدەوردا دەکات و

هەموو ئەم شیعرە دەسڕمەوە و

لە نوێوە دەنووسم : من وڵاتم دەوێ

با شارەزا بم خۆم لە کوێدا بەرێ بکەم .

٣١

ژنێکی سی ساڵە

دەستی ناوەتە گەرووی چارەنووس و

ملی سپاردوە  بە ڕێگا

جادە ترسێکە لە دوکانەکەی سەری کۆڵان دایدەبڕێ

ئێرە هیچی لە هیچ کوێ ناچێ

کە دادەنیشێ ڕوو لە خۆی دەڵێ:

کوێ هیچ کوێی لە شوێنێکیتر دەچێ تا ئێرە ...؟

دیسان دووکەڵ ژوورێك دەخوا و سنووری نییە

تەنیا بۆ بیانویەکی منداڵانە

کە لەسەر شانییەوە ڕواون لە  پڕمەی گریان دەدا

هیچم ناویٚ هیچ ، دەبیٚ برۆم

دەبیٚ فلاشەکان روو لە تەنیاییم بکەم و

بیانگرمە گۆشەیەکی دیوارەوە کە هی من

نا.. هی کەس نییە

دیوار ئاجۆرێکە سەرمای دەبێت

بێتاقەت دەبیٚ

وەك من

بەلاٚم ناجولیٚ .

٣٢

زامێك له ڕۆحماندا خەونی لێ دەچۆڕێ و

بۆنی له لەچكێكی ڕەشدا تا هەتا هەتایە

وڕێنە دەكات و ڕادەچڵەكێ .

زامێك تەنیایە و شانە شەكەتەكانی شانێك

دەكاتەوە باوەش و تێر تێر غەریبی دادەوەرێنێ .

ئێمە یەكە یەكەی جادەكان و

ئێوارانی هاتنەوە لە دەرگاكان دەسڕینەوە

بزەكان له قاپ دەگرین و

مۆبایلەكانمان دەشكێنین و

چاوەڕوانی لە ((با))دا دەنێژین و دیسان ناتوانین بژین .

لێرە گۆڕەكانمان میوانن و

ئێمە لە سەر سەفەر

جانتاكەی تۆ پڕە لە ئاوات و هاواری ژیان

جانتاكەی تۆ ئێستاكە شین دەگێڕێ و

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

دەستەکانی تۆ لە دوورڕا

پەرۆشی گۆنا تەڕەکانی ئێمەیە .

ئۆتۆمبێلێك بوونی خۆی

بە لەعنەت کرد و خۆی ناشت

تۆ بە سەر دەستی ئاسمانەوە باڵات کرد

زامێك خوێنی لێ دەچۆڕێ

تۆ لە بێتاقەتترین کاتەکانی ئێمەدا دەژیت و

تا هەین رەش یانی بیرت دەکەین

تاریکی یانی چاوەڕێتین بێیتەوە .

---

((بۆ شاهۆ ئەو کوڕەی نەمدەناسی بەڵام چاوە پڕ لە هیواکانی ناتوانم لە بیر بکەم..

بۆ شیلانی خوشکی کە لەچکە رەشەکەی بۆنی ساڵانێکی من ئەدا کە تا ئێستایش رەش

یانی بیریان دەکەم))

**٣٣**

**شاعیرەکان دەتوانن**

**وشەکانیان هەزاران جار**

**بە گوێی هەزاران کەسدا بچرپێنن**

**شاعیرەکان بەردەوام درۆزنەکانی ژیانن**

**کە دەتوانن هەزاران جار**

**دەست لە دەستەکان بئاڵێنن و بڵێن : بیرت دەکەم**

**شاعیرەکان**

**میهرەبانترین و بەخشەندەترین مرۆڤەکانی زەوین .**

٣٤

وردە وردە دڵنیامکە کە دەڕۆی

مانەوەتم خۆشناوێ

لە دەمارەکانمدا دووپات بوونەوەت

ژیان دەکاتە بازنەیەك

کە نەبیت رەنگە بمگەڕێنیتەوە لای خۆم

بیری خۆم دەکەم

کە بۆنێك تێکەڵاوی بۆنێکی تر ناکات

وردە وردە بڕۆ ،

لە تۆ دا بیری خۆم دەکەم

ئەمە شیعرە

دەتوانی بەیانی بەدەم پێکەنینەوە بۆم بخوێنیتەوە و بڵێی :

من تۆم و تۆ منی

منیش پێبکەنم و بڵێم : من کە ببم بە تۆ

عەشق چ غەریب و تەنیایە

بەسە ، وردە وردە دڵنیام کە دەڕۆی .

دیاریەك لە جاناوە

**٣٥**

**بیر کردنەوە  لە ڕۆیشتن ، مانەوەیە**

**هەموو شتێك لەبار بوو بۆ لەبار چوونی ژانێك**

**تەقەی دەرگا ، بۆنێك بلیتێکی فڕێدا**

**لەم ماڵەدا تۆ دێیت و دەچی**

**من دەچم  و  هەر لەوێم .**

دیاریی ڕۆژ لە جاتادا

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

٣٦

لە سەر سینییەك دانراوم

سینییەكە لە سەر مێزێكی خڕ

لەت و پەت بۆنم هەموو ماڵەكەی هەڵگرتووە

هەرام دەكەن ناجوڵێم

لێرە من بە سینییەكەوە نووساوم

پاكەوانەكانی شار ئێواران دێن و

بە دەستی بەتاڵ دەڕۆنەوە

من هەر ناجوڵێم

لەت و پەت بە سینییەكەوە نووساوم

چییە دەزانم دەبێ عاشقانە لە قاقای پێكەنین بدەم و

بۆنی ژن بدەم

چاوەڕوانی ئەمە مەبن

من بۆنی گۆشتێكی لەت و پەت دەدەم

لەسەر سینییەك كە لەسەر مێزێكی خڕ دانراوە و

هێشتایش خۆی خۆشدەوێ .

۳۷

لە ژێر چەترەکەمەوە باران ئەبارێ

لە نەهات و نەهاتی ئەم ساڵی نەگبەتە

چەنەم هیلاکی ئەژنۆمە

تاقەتم لە تاقەکەی جێماوە

ئێرە کوێ نییە؟ ئێرەیە

چاوە دەرپەڕیوەکانی مێهرەبانییە

لە تەنیشت درۆ

کە دەڕوانن

وا دووری ئەڵێی تەپ و تۆزی هەڵاتنی .

کوا چاوت ؟

دەستت لابە بزانم چییە

خەریکە ئەمخنکێنێ

ئەم گوڵە چ بۆنێکی خستۆتە دڵم

خەوم لێ لێڵیا لێ ناکەوێ .

کاتژمێر لە وێستگەی چوارەم کەوتۆتە سواڵ

هەیە کەس ؟

خوایە سەفەرێك ، شانێ ، جگەرەیەك،

بۆ لە ژێر چەترەکەمەوە باران ئەبارێ ؟

بۆ ئەمساڵ لە دایك نابم ؟

چواردەوری دیوارەکەم بووەتە خەت

کەچی هەر ناگاتە من

خوایە قەیماخێ بۆ دایکم با تامی هەنار و سێو

بیری هێلنجی نەخاتەوە

خوایە.. ژانێ بۆ دایکم با بیبژێرێتەوە

با کز بێ ئەم پرچە کە بایش هێلانەی تیا ناکات

لە قاپم گرە ئیتر قەت ئاوا دەرناچم

لە فلاشە بە پەلەکانت

خوا نەتگرێ بۆ نامگری ؟

خوایە شانەییێك بۆ لە یاد کردنی شانت

خوایە تاقەتێك

تاقەتم لەتاقەکەی ماڵی تۆ بەجێ ماوە .

### ٣٨

نا ناکرێ ئەم هەموو گریانە

لە خۆیەوە هاتبێت و بمناسێت

لە کۆڵانەکانی پەنجەمدا ڕێبوارێکی دەم بە پێکەنین

باران بەرەو تۆ یانی چەتری چی و ترسی چی ؟

هەیت و سەرم لەسەر شانت

بۆنی بوونت دەکات .

سەفەر تۆیت لە منەوە تا نازانم چی ڕوویئەدا با بیدا

( کێنت ) و تۆ یانی تۆ کۆتایی گەڕا نمی

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

٣٩

چییە چاوت بڕیوەتە من ؟

ها بمبەوە سەرەتای پیاسەیەکی هێمنی پارك .

نا ، بمبەوە سەرەتای پێکەنین

یان نا بمبەوە شوێنێك کە کات و مەکان تۆبێت .

پاییزێك لە ژێر پێستی مندا

بە هات و چووەکانمان پێدەکەنێ

ها بمبەوە سەرەتای هەرچییەك

کە لات وایە سەرەتایە بۆ ژیان

من لە سەرەتای ون کردنی خۆمدا

بە دەم گۆرانییێکەوە لە کورسییەکدا چاوەڕێتم .

٤٠

شتێك زیاتر لەمە منی داگیر كردووە

منێك لە ژێر سێبەری دەرگای ئۆتۆمبێلێك

سەرم لەسەر ڕانی سەفەر .

پێڵاوێك بەڕێوەیە ،

خۆی دەگەیەنێتە كۆڵانی پشتەوە

لەوێ شەڕ تا دەمارەكانی یەكتر ڕۆچووە

ئەو بێ خشپە و هێمنە ، خۆی جووت دەكات

شەڕ گەرمتر بووە لە لە گیرفانیاندا

بۆ یاوێك دەگەڕێن

لەرز دایاندەگرێ و تۆفان هەڵی كردووە

ڕۆیشتنێك خەریكە دوگمەكانی دادەخات

دیـاریـیەك لە جانتادا

تەنیایی دادەڕێ

لەت و پەت بۆنی خوێن

لە کۆڵانەکانی دەوروبەر دەئاڵێ

لەسەر تەختەکەمم چاوم دەنووقێنم

کلیلەکە دێنم دەرگای شار دادەخەم

کۆڵانەکان و شەڕ و سەگ وەڕ و ...

ئێستا لە پشت دەرگاکەن

من لەمدیو شارەوە چاوم دەنووقێنم

مژێك لە جگەرەکەم دەدەم و پێدەکەنم .



پێشکەشە بە ئیمارەت لە جانتادا

٤١

زەمەن رووت رووت دەلەرزێ

مردن لە ژماردنی ئەستێرەكان

بە بیانووی بێخەوی نزیكترە لێم

بەیانیان قاوە دەخواتەوە و

ئێواران لە پەرداخەكانمدا فاڵ دەگرێتەوە .

مردن سێبەرێكی رەشە و

بۆنی لە ژوورەكەم دەئاڵێ

هاوارێكی تۆڕەیە و لە باوەشیدا دەگریم .

مردن مۆبایلێكی داخراو و

بیر كردنێكی بێ حەسانەوەیە

مردن پیاوێكی دوورە

كە ئەستێرەیەك شك نابات

بمداتە دەستی و شەوانە بۆم بگەڕێ .

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

مردن بارانێکە دانابارێ لە زاکیرەمدا

کەنارێکە ماسییەك

وشك هەڵدەگەڕێ لە بوونیدا

دەرگایەکە توند بەیەکدا دەدرێ و

کراسێکە لەبەرمدا دادەدرێ .

مردن کتێبێکە دوایین لا پەڕەی منم .

## ٤٢

که له پەنجەرەوە دەڕوانم

تۆ له دەرەوە چاوەڕێمی

که له دەرەوەم تۆ له پشت چراییێکی سوور چاوەڕێمی

که له پشت چرایییێکی سوور چاوەڕێتم

تۆ له کافی شاپێك چاوەڕێمی

که له کافی شاپێك چاوەڕێتم

تۆ بەدەم شیعر نووسینەوە

دەخوێیتەوە و جگەرە دەکێشی

که بەدەم شیعر نووسینەوە

دەخۆمەوە و جگەرە دەکێشم تۆ له ماڵی

(( ئەو ژمارەی داوات کردووە داخراوە

یا لەدەرەوەی بازنەیە ))

که له ماڵم پێوەندی وڵام نەدراوەت هەیە

که خەونت دەبینم تۆ ...

که لەسەر تەختەکەم رادەکێشم

که دەستم لەسەر لای چەپی سینگمە

هەموو ئەم شتانە روودەدا .

٤٣

**سەفەرمی**

**سەفەرمی وەك چ دڵەراوكێی تۆمە**

**ئەمەی وت و توند دەستمی گرت**

**ئەمەی وت و دەستمی توند گرت .**

**شار سەری هەڵێنا و پێكەنی**

**جانتاكەی لە شان كرد و**

**لە ژێر لێوەوە ، گۆرانیی ئەوت .**

**عەتری لە خۆیدا و**

**دڵۆپەكانی بارانی لە سەر كراسەكەم چنی ،**

**شیعر پێڵاوێكی بەرزی لە پێ كرد و**

**نێرگزی لە پیاوە ونبووەكانی شەقام بۆ وەر گرتم**

**ئەستێرەكان دەستیان لە ژێر چەناگەیان دانا و**

**ماچیان بۆ چۆلەكەكانی باوەشم دەنارد**

گەڵاکان بوونە پەپوولە و

بە دەوری چەترەکەمدا سووڕانەوە

دوو فنجان و بۆنت دوور بووین .

چ سەفەر ئاسا دڵەڕاوکێتمە

ئەمەی وت و توند دەستمی گرت ،

ئەمەی وت و دەستمی توند گرت .

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

٤٤

ئاوا نابێت

باران نەوێرێ ببارێ و

من بیرت بکەم .

بەفر نەوێرێ نەبارێ و من بیرت بکەم .

سەرما بێت ، بیانووی دەستت بگرم و

گەرما بێت ...

ئاوا نابێ ((ئاغا))م

ببی و بیرت بکەم

دوور بیت

زەوی و ئاسمان و خوا

شێت بکەم ، بڕوام پێبکە وا نابێت ئاغام

ئاوا ن ا ب ێ ت ...

٤٥

رۆژێکی شپرزمی یان شپرز هاتی رۆژێك ؟

رۆژێك تۆ بوویته هاتن و

ئیتر هەر هاتنێك رۆیشتنێك بە لێویەوەیە و

دووکەڵ کلێشەیە .

لێرە ساردە و لەوێ کە هەیت

لە لای خۆت خەمتم نییە

وەك خۆم لە دەستەکانی تۆدا خۆتم بەرێ

وەك خۆم لە بوونتدا خۆتم

کام پە نجەرە بتیارێ ؟

کام گلۆپی سەوز تۆیت ؟

کراسەکەت پڕە لە ماچ

**شەڕت دێشێ و**

**نە باران بەشی**

**ئەم دوور کەوتنە مۆدێرنە دەکات نە شیعر**

**شپرزتم (اقا( شپرز؟**

**شپرز یانی جگەرەکەمان دادەگیرسێنین و**

**کە تەواو بوو دەنووسین ((بای)).**

٤٦

لە چاوە ڕەشەکانی تۆدا

زەمەن پاش و پێش دەکەوێ

میلەکان دەوەستن و دەمارەکانم تێدە پەڕن .

ئێمە چ تەنیاین !

چەن نامۆین ئێمە

لەم زەمەنەدا سەرگەردانین

سەرگەردانی زەمەنێکیتر .

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

٤٧

چ باش كە ڕۆیشتی

نەڕۆشتبای چ تەنیا پیر دەبووم

چ سەیر لە بیرم دەكرد ، باران بۆ من دەباریێ

چ سەیر لەبیرم دەكرد

شەقام ، پیاسە ، پێكەنین هی منن

نەڕۆیشتبای نەمدەزانی من نەبم ژیان ناژی

چ باش كە ڕۆیشتی

وام دەزانی بڕۆی دەگریم كە چی نەگریام .

٤٨

چ سەیرین و تەنیا

لە بازنەیەکدا چوار کەس

لە خولیاکانی یەك تێناگەن

لە دەرەوەماندا کەسێك لە خولیا تێناگات

کەسێکیتر خولیاکان دەنێژێ ،

کەسێکیتر خولیاکانی کەسێك دەنێژێ

هەموو خولیاین ، هەموو رۆژێك

بێ ئەوەی لە خولیا تێبگەین

خولیاکا نمان دەبەین و دەڕۆین .

دیتنیەك لە جانتادا

**٤٩**

**دەستمت گرت و**

**وەك چۆلەكەیەكی بەر باران**

**خۆمم پێ سپاردی**

**چرا هەر سەوز نەدەبوو**

**دەلەرزیم و سەرمام بوو**

**تۆ خەریكی پساندنی پەتەكانی پەڕەشووتەكە بوویت**

**كتوپڕ و لە چاوتروكاندنێكدا**

**دار و بەردی ئەو شارە**

**سوور هەڵگەڕا**

**لە خوێنم .**

---

**پەڕەشووت : چەترێ نەجات .**

٥٠

زۆر لە مندا نەبە

من لەناکاو جادە دەکەمە بەرم و

ئیتر تا هاتنەوەم بمنووسی و بمرمێنی و

رۆیشتن لە تۆ زیاتر عاشقم دەکات

وام.

مەگەڕێ

بۆنی من لە رەگی ملی تۆدا بوونمان دەزڕێنێ

دەستم بەردە

بەردم من

نازانم من نەبم تامی چی لە تۆدا یانی سێو ؟

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

پۆلێك وشه له مندا سەریان لێشێواوه ٥١

نیت پێبکەنی

کراسەکەت مالێکە پڕ لە بۆنت

بێقەراری بارانێکم کە داتباراند

بێقەرار؟

شتێکە لە مندا کە لە تۆ ناکا،

بۆی مەگەڕێ ،نایدۆزییەوە

وەرەوە بازنە

بازنەکانی دنیا دەمخنکێنن

جگە لە بازنەی ، سڵاو لە کوێی ؟

بڕۆ ، تۆ دوورتر بڕۆ

من دەمەوێ سەر بنێمەوە

شەکەتتم

تێمەگە

تۆ کە پێئەکەنی ،

لەبیر دەکەم دەمویست بڵێم مەیەوە ،بڕۆ.

٥٢

دەستم بە خواردنی نینۆکەکانم کرد ،

پەنجەم و

لە پی دەستم و

رامکرد خۆم بشارمەوە

تۆ ،

جگەرەیەکت لە دەست بوو ،

خەریك بوویت دەماری مەچەکمت دەپێوا .

دیشلیەیەك لە جانتادا

رێگامان بێ رێ و

دڵمان قەتیسی جانتاییێکە کە نەدەپێچرێتەوە

( نە حەیرانت دەبم ) رایدەگرێ ،

جانتا پڕ لە دوو چاوی ترساو نازانێ دەپێچرێتەوە

یان وەنەوز دەیمرێنێ .

مردووت مرێ وەرەوە

جانتا لە من دەکا کە هەر لە رێدام ،

کە هەر.........، کە هەر....

-بە چی پێدەکەنی ؟

-بەدەم.

دەی بەدەم پێکەنینتەوە

جگەرە بکرە و وەرەوە

دیمەنێک لە جانتادا

٥٤

ئێسکەکانم

یەکە یەکە دەشکێن

لە ژێر پێستمدا دەچەمێمەوە .

پشیلەیەک لە جانتادا

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

**٥٥**

**لەسەر بەرزاییەکی خۆڵاوی**

**خوێن لە دەمارەکانی دەمانچەیەك دەچۆڕێ**

**دەنگی ورد بوونی ئێسك دێت**

**کراسێکی شین**

**بە گوێی خەڵکدا دەچرپێنێ**

**ڕۆیشتن چ سەفەرێکی ترسناکە**

**لە ناشوێنێکی تەماویدا !**

٥٦

زەمین

بە دەم بارانەوە ڕۆیشت و

ئاسپرین ئێوارەیەکی تریشمی خوارد.

دیتیتیەیەک لە جانتادا

**٥٧**

**دنیا سەر و بن بیَ مانایە**

**وەك تۆپیێك رژاو لەسەر شەقام**

**پەرش و بڵاو ، ورد و خ ا ش**

**شووشەییێك هەڵتمژیَ و ون بیت**

**کافی شاپیێك بتخواتەوە برژێیت**

**نینۆکت لەبەرت هەڵبێت**

**دەمارێك بفریَ**

**شتێك لە مێشکدا بۆنی مشکی تۆپیو بدات**

**کەچی لەسەر پێیەکانت بوەستی**

**پێبکەنی و بمێنیتەوە و بپرسی جنابت ؟**

**ئاوێنە حەبێك بداتە دەستت**

**ئاوێك بترژێنیَ ،بیرت بیرێك هەڵبکەنیَ**

**بترسی تاریکی لە چاوتەوە چاڵت بکات**

چ بەتاڵی لە تاڵیی تاڵانی ڕۆح

فووبیێك تۆفانێكە لە تاڵی قاوە

دەست قاوەیی بتگرێتەوە

لە پاییزێك تا ساڵێك نامۆ لە دیوار .

(( هەبوو نەبوو كەس لە خوا گەورەتر نەبوو ))

دایك تاڵێك قژ و بزەییێك ویستی بمرێت

وستی بڕمم.

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

٥٨

شەوێك ..

رۆژێك..

نازانم رەنگە ئێوارەیەك..

دەستت هەڵێنا و كەوتمە باوەشت

نەبوونی تۆیە لە مەچەكی مندا

كە زەمەن لە هەرچی منە ماندووتر

لە ئاوێكدا مەیلەو شێتی لە بیر كراوی من

لەبیرم دەباتەوە و

پێیەكانمان لە هەرچی جانتایە كە ناكرێنەوە

لەفانتازیای ترساوی ژنێكدا دەشۆین.

كەس مەیلەو مەیلی كەس نییە،

هەموو مەیلەو مەیلی ،

مەیلی مەیلێكن كە تا هەین نییە.

٥٩

لێم دیارە

لە ڕەحمی قەروێلەکەیدا نووستوە و

لە خوێنی سەرچەفەکەی دەخواتەوە .

لێم دیارە

سڵ لە چەقۆ دەکات .

(( فەوزا ))

تاکە وشەیەك بوو

پاش بڕینی ناوکی دەبوو فێری ببێت

لێم دیاربوو هەرچەند زیاتر

ئەژنۆکانی دەلەرزین و

خۆی کۆ دەکردەوە .

چەقۆکان نزیکتر دەبوونەوە

دیار بوو کەسێك مەلە نازانێ و

ئاوێکی پیس خەریکە نووقمی دەکات.

پێشینەیەك لە جانتادا

**٦٠**

سەرما لە دەستەکانی منەوە سەرتای پاییزە

بنووسم هەیت گەڵا پاییزییەکە پێدەکەنێ و

شەڕ تۆیت

سەرم لەسەر شانتە و

شعیر سەرسووڕمانی ئەم شارەیە

لە منێك بیرت ئەکەم و

لە تۆێك ئیتر بیری کەس ناکەیت جگە لە من ؟

وڵات تۆیت و

غەریبی کوورسی بە تاڵی تەنیشتمەوە

لە سینەما ، کافی شاپ ، شانۆ...

**نووشتامەوە** ٦١

**پێڵاوەکانم لە پێبکەم**

**گوڵدانە دوو ساڵانەکەم**

**داوێنی گرتم**

((مەرۆ...))

**رووم وەرگێرا و**

**هەورێك لە دڵمدا قریشکاندی**

**رووم وەرگێرا و**

**چاوە کانم پڕ بوون لە خۆڵی بیابانی بەرانبەرم.**

پێشکەشە بە لە جانتادا

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

٦٢

چاییّكم له پیّش بوو

پیاویّك له دەرەوەی مندا

چایەكی له پیّش بوو

له مالّیّك دوو كەس

چایان له پیّش بوو

دوو كەسەكە بیریان كردەوە

سیّ كەسیی بیخوّینەوە؟

به تەلەفوّنیّك هاتنه سەر میّزەكە

ماندوو بوون

رق بوون

دروّ بوون

پیاو وتی:بلیّی لەم شارەدا نەتگرییّنیّ

وتم:چایی غوّربەت بوونی قەبری دایكم ئەدات

كه نامپاریّزیّ.

## ٦٣

جگەرەکەی تەکاندە سەر دەستی

وتی: خۆڵەمێش بخۆین ؟

رووم وەرگێڕا و چاوم لێ بوو، خواردی.

وتی:هەستە پێکەوە چاو لە باران بکەین

رووم وەرگێڕاو و

هەموو وجودم گوێی لە باران راگرت.

وتی:گیانی من رۆژێ دێم و دەتبەم

لە پرمەی گریانمدا

دەمزانی ئیتر دەبێ هەموو تەمەنم

رووم وەرکێڕم

تا چیتر نەمکاتە شیعر و منیش تەنیا نەبم.

دیاریەک لە جانتادا

٦٤

پەپوولەییێك

لە هەر جولەیەكدا هەندێ لە باڵی هەڵدەوەری

چاوی نووقاند و

جاڵجاڵۆكەییێك خنكاندی

راچڵەكیم ، هاوارەكانی دەزرینگانەوە

باسی بەجێمانی خۆی لە كۆچ ئەكرد

كتوپڕ مەزرا گڕی گرت و

داهۆڵەكە بووە دووكەڵ و

هەناسەی چنی.

دستپێك لە جانتادا

داچڵەکیم

ماسییێك قوڵابێك ڕایکرد و

دەریا لەسەر دەستی بەرزی کردەوەو و

هەڵۆییێك ڕفاندی

حە پەسابووم

پشتاو پشت چووم

دیوارێك ڕایگرتم

لە پی دەستم و پێیەکانمی بزمار لێدا

دەمی لە خوێنم وەردا

چاوم پڕ بوو لە هاوارێکی سووری گەرم

وتی:

دەتپارێزم تا هەم ، دەبێ هەبین

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

وتم :

خوایه

بمپارێزە لەو خەونانەی بە مەستی بۆمی دەبینیٚ

خوایه

ئەم خەونانە لە مێشكمدا بسڕەوە

شانت بێنە سەر بكەمە سەری و

شەوەكان كۆكەوە لە

پێڵووەكانم.

هاوارێك ئەڕشایەوە،

هەموو كەلێنەكانی ماڵمی ترساندبوو

٦٥

له سەر پشت رادەکێشم و

هەموو هەوڵم

قووت دانەوەی دڵمە

بڕواتەوە تاریکاییەکەی و

له قەفەز مردوویوکەیدا

دامرکێ.

پیاو

له پشت تەلەفۆن

هاوار دەکات

لەکۆڵان

له پشت پەنجەرە

لەسەر تەختەکەم

له مەتبەخ ، له باوەشم ،لەسەر مێزی کافە

بەردەوام

هاواریەتی

رادەکێشم

چاوم ئەبەستم

هەورە تریشقەیە

ئەیکەمەوە

باران دادەکات و

پیاو

هێشتا بەردەوامە

بەسەر ئەم تاریکایەدا

لەتەنیشت کەسێك کە پشتی

لە قەفەز کردووە و راکشاوە

بۆ قووت دانەوەی دڵی .

پیاوێك بەردەوام

پیاوێك بەردەوامە و

هاوار ئەکات .

پشیلەیەك لە جانتادا

٦٦

دەریا

کەسێکە لە کەس ناچێت و

بەلەمێکی هەیە و دەمبات

ئەمە یانی

هەموو ئەو بارانانە

بارینە سەرما لە پیاسەیکی بێ تۆ

دەریا یانی

بمێنمەوە بە ئینتزار

ئەگەر چی شەقام بە خەیاڵەوە فەرش.

پێشێلیەک لە جانتادا

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

٦٧

چەترێکی ئاوەژوو

پڕ ئەبێ لە کۆڵانێ

وا لە دەستەکانی تۆوە بە جێماوە

من و پەنجەرە

نوێژ دادەبەستین

تۆ پێڵاوەکانت بۆیاخ ئەکەی

من و پرچم ئاڵۆز ئەبین

تۆ لە کۆڵاندا نووقم.

پەنجەرە چاوی نووقاند

تۆ شانت لە شانی زەوی ئەخشا

لە گەروومدا گرێ،

لەو ڕۆژەوە باران ئەبارێ هەر

زۆر جار ئەم بیر کردنەت

ئەخەمە جانتایەک و

هەر جارەو بە شانی شارێکیدا دەکەم

٦٨

دڵتەنگی یانی

نابێ لە شوێنێ بم

کە بێ شەقامە بارانەکانی

یانی

من لە کتێب فرۆشییەکدا  بم

وەك چۆن

دڵتەنگترین رۆمانیساڵ.

دیاری لە جانتادا

٦٩

باران چەن رۆژێکە نامناسێتەوە

چەن رۆژێکە نامناسێتەوە باران

پەنجەرەکەم

بۆ کەس ناگەڕێ

سێ رۆژە جومعەیە ئەمڕۆ

نامناسێتەوە چەن رۆژێکە باران

هەر جومعەیە

ئەمە سێ رۆژە .

دیتیلیەیەک لە جاتادا

٧٠

تۆ لە کەسێك ئەچی

لە منا هەمیشە بەڕێوەیە

بەڕێوەیە هەمیشە کەسیٚ وەك تۆ لە منا و

لە پەنجەرەیەك

کە دەبیٚ تەڕ بێت

تا بۆنی غوربەتی کۆڵانێکی پڕ لە شیعر بگرێتە خۆی .

تۆ لە منا ڕاناوەستی

هەر دەڕۆی و من

بەدوای

بەفرێك ،

بارانێك ،

وشەییێکی چاو تەڕدا ئەگەڕێم.

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

**٧١**

**لێرەم**

**لەوێی**

**لەوێی**

**لێرەم**

**جوگرافیا**

**سەرەتای دەرکردنی من و تۆ بوو**

**لە جیهان.**

٧٢

لە خۆتمکە و دانیشە

لەدوورەوە جگەرە داگیرسێنە

هەور هەڵدەوەریٚ

بەسەر خەتێکی چۆڵ، بەسەر خەتێکی بەتاڵ

لە کەوانەی هاتن و چوونت لە گلێنەکانما و

هەناسەم نووقم

قومێك سەر شێتی،

پاش و پێش ئەکەویٚ

سێبەریٚ کە تۆ بی

ئاوێتەی شەویٚ ئەبیٚ کە منی لیٚئەرژیٚ

پە پوولەیەك باڵ ئەکێشیٚ بەسەر

ورێنەکانی _تا_و

ماسییێك ریٚ ئەکەویٚ و

لقیٚ لە شیعری ئەداتە دوورگەییێك و

لێم ئەگەریٚ.

٧٣

تووڕەبە وەك _با_

هاژەت بئالێتە پە نجەرە و

لوورەت بگەڕێ بە گیانی تەنیاییما

وەك گورگێکی برسی

سوورمکە

بمکە رەنگێك لە رەنگەکان .

دڕندەبە

لە دەمارەکا نما رۆبچۆ

تا دڵ ،

لێدەدات بۆت

لێدەدا دەدا دەدا دەد دە .

٧٤

تا تەنیا تەنیا بم

تا دوور دوور بم

خەمە

خەمی خۆم و

کچە شپرزەکانی شپرزەیی

کە خەت بە خەت

خەت لێدراون لە دنیاییێك

کە دادەڕمێ بە ئاوڕێك لە تۆوە و

کاتژمێرێ لە مەچەکی مندا خەو لێکەوتوو .

لێکەوتوو وەك خەو

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

کاتژمێرێ لە مەچەکی کۆڵان چەکەرە دەدا

لە لە پی دەستمدا و

پە نجەرە پڕ ئەبێت لە هەناسە و

هەناسەو هەڵم ، داتشارێ.

هەر سێوە و لە داوێنم

خلۆر ئەبێتەوە و

هەر چاوەڕوانییە دووپات دەبێتەوە لە داشۆران

لە منەوە بەرەو تۆ کە وەك ئاسمانی

شین رەنگێکە لەم هەستە نادوێ .

مەیەوە و بڕۆ

تەنیا دەترسم

دەترسم تەنیا بم .

٧٥

پاسارى

لە خەونەکانیشمدا باڵ لێنادا

بڕوانە سێوەکەی دەستت

چ سەر لێ شێواو

لە دڵم گرێدراوە وەك درەختێکی پڕ لە پاییز

فڕێی بدە

با بسووڕێ

تا دەگاتەوە باوەشم

لێگەڕێ لە دەورت گەڕێم.

دیشلێمرای ك لە جانتادا

٧٦

چەتر بۆ ئەوەیە باران بباریّ

کەسم؟

وەك بارینت،

گرماندنت،

بۆنت،

خۆش کردنەوەت .

بڕوا ناکەم

پەرت بوونم لە تۆوە

بەرەو بوون

لە فنجانێکدا جێی بێتەوە

کە کراسەکەت ماڵمە

یاخی نابم

دانیشە فاڵێکی تازەم بۆ بگرەوە .

٧٧

دەترێنم

دەترێنم و بەسەر خۆما دابەشت ئەکەم

ئەشێ سزا

سووریێك بێت وەك هەنار و

منێك چیرۆك

دەستەکانتم بەرێ

جاروبار بەرێوە لە گیرفا نمی دەنێم.

پێشکەشە بە ئێوە لە جانتادا

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

**٧٨**

**هەڵمكەنە خوایە**

**هەڵمكەنە ماندووم .**

**بەرەو هەركوێ بڕۆم**

**دیسان دەگەمەوە مووروویێك**

**كە_با_بەدەم_با_وە بردی و**

**شەقام لەو ڕۆژەوە كۆی دەكاتەوە و نیت.**

**داباره بەسەرمدا و بمكە شیعرێك .**

**بە توون با بڵێن :ئەها**

**عاشق بوون لە عەترێ ئەچێ**

**ئە مخەڵەتێنێ .**

**لە ئێوارەیەكی مەیلەو تۆوە ئەمرم**

**شار بە پەلە داوێنی پڕ ئەكات لە نوور و**

**شەوانەڕۆی ئەكاتە حەوشەكەم**

من هەر پەردە لا دەدەم  و

هەر دێم و دەچم  و هەر چایی  و ...

بڕوانە چەند بیرت ئەکەم

بڕوانە  پرچم چەند ئاڵۆزتە

چیدی نامرووەت !

باران کە چەتری هەڵگرت

پێویستە من

باروبنەم  کۆکەمەوە...

بن شووشەی عەترەکانتان بسڕنەوە ٧٩

بۆنی بارووت لە شادەمارەکانتان بدەن

باران شەکەت لە سووچێك

ئەژنۆکانی کۆ کردووەتەوە و جگەرە دەکێشێ

دەستێك لەسەر شانی بدەن

جۆگەلەکانی شار

ڕەنگی دەنووکی قاڵاویان گرتووە

چی بدرەوشێتەوە دایدەشارن

بەم بارانە چەماوە بڵێن

دەرەقەتی سڕینەوە نایەت با سەفەر بکات

بن شووشە عەترەکانتان بسڕنەوە

ئەی مرۆڤەکانی ئێوارە و ئاگر

باوەشە ساردەکانی دنیا لە من ئاڵاون و

ناگەمە خەتێك لە خۆم .

چ تەپ و تۆزك ئاوێتەی ماچەکا نمانە !

چاییێك و جگەرەییێك و شیعر

نا...ئەمانە ...ئەمانە نامگەیەننە تۆ .

تۆ لەسەر لقێکی سپی

چاوت بڕیوەتە سەوزایی حەزم و ناباری ..

نا نا .. ناگەمە تۆ.

تۆ لەسەر لێواری حەزێکمەوە

خۆت شۆڕ کردوەتەوە سەر لێوم و هیچ

جگەرە سوێر سوێر سەما دەکات.

ئەم خەونە کپانەی کە ساردترن لە سارد

نامگەینن،نا.

دیاریە لە جانتادا

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

دەستت ناوەتە سەر دڵم و

لێناگەڕێی لێبدات بۆت .

ڕاوەستاوی دوور

نا...خەیاڵ نامگەیەنێتە بوونت .

وەرە بەسەر باڵی ماسییێکەوە بگێرسێینەوە و

لە دووردا نوقم .

حەزم لێیە ببینە هەور؟

بڕۆین تا دوور .

نا

چیرۆکەکان نامگەیێننە هیچ .

لە مندا هەناسەکانت بژمێرە ٨١

دەست لە ملی پەڕەکانی ڕۆژژمێر بکە و

بەرەو دوور

پیاسە زەردەکانی پاییز ئاوێزانی گەردنتکە.

کۆخەی قاڵاوەکان

بە جۆڵانەییەکی پەپوولە بسپێرە.

لەمندا نیگا بکە بە رەش و

هەورەکان لەبەر کە

تەڕ تەڕ لە باوەشتا بمخوسێنە .

لە لێوم مژێك بگرە و

جگەرەکەت بکە دووکەڵێکی سوور لە مندا.

لەهەموو نینۆکە رەنگاڵەییەکان و

پێڵاو بەرزەکان خۆت داشارە .

بەرەبەیان عاشقبە و

شەوان خەون بە چۆلەکەیەکەوە ببینە

کە دڵی توند توند لێ ئەدات و عاشقتە .

بەدوای هەنارێك بکەوە

کە نە مەمکە و نە هەنار

تەنیا مزرە و سوورە و تەنیا.

سێویك بکە دەستپێکی نووسینێکی درێژ و

قە پاڵی لێبدە.

هەست بە بۆنی باخێك بکە

کە دارەکانی چاویان نووقاندووە و

ئەو رووت رووت

لە نجەولار دەنوێنێ .

یان بڕژێ نێو رووبارێك و

گوێ بگرە بۆ گۆرانی ماسییە سوورەکان.

باڵات بگرە بە باڵامدا و بژی.

رۆیشتن پەلەییێکی هەمیشەییە لە مندا ،

بیری لێبکەوە و مەڕۆ.

## مەست مەست



ون دەبم لە ژوورەکانی سەفەردا

کە تەنیام و ئێجگار تەڕ.

بە خۆم و خۆتەوە

لە لوولی قژێك

کە نەرمە و یەکجار رەش

لوول دەخۆم.

جانتاکان پڕن لە بۆن

هەور راوم بنیّ و

زستان هەڕەشەی دا پۆشین بکات،

با بکات.

خۆ هەر ژیان هەیە و یەکجار سەیر.

جادە، هەڵقرچانی تۆیە

بەسەر بەشێك لە مندا

کە ساردە و یەکجار کپ

لێوریژی نەڕۆیشتن.

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

٨٣

چ بەهارێکی لە مندا

کە بیرت ئەکەمەوە ماڵ پڕ دەبێت لە پەپوولە

پڕ دەبێت لە هەور

دەباریت و بیر لە چەتر ناکەمەوە.

**٨٤**

**تۆ شەقامێکی دوور و درێژی**

**بۆ دوان لە عەشق .**

**بیرت ئەتبارێنێ.**

**چەتر تەڕم دەکا.**

**باران ئەمدوورێ بە کراسەکەت لەبەرمدا و**

**ئەمخافڵێنێ بە خەیاڵێکی دوور.**

دیشێلەیەک لە جانتادا

٨٥

دەستت ئەمڕفێنێ

بۆ کۆڵانێکی تەسکی پڕ ماچ و

دەستم بۆنی تۆ دەگرێ

چاوت پڕم ئەکات لە مێهرەبانی .

٨٦

کاتژمێر بێ ڕەقەمە

مادامێ خەم بە لێوتەوە شکست ئەهێنێ

ژوورێك لە تۆ و من و

لێوانلێو لە ماچ .

بتیایەك لە جانتادا

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

٨٧

بمژییێنه ، من له تۆدا شین دەبم .

من چاو ئەبڕمە چاوت

تۆ سەیری ژیانەوەمکە لە نیگاتا.

## کۆڵان

٨٨

سەرەتای پیاسەیەکی مات بوو

جانتایەك پڕی کردم لە خۆی و

پە نجەرەیەکی لە پرسیارە هەڵوەریوەکان کردە گەردنم

چ چۆلە ئەم چەترە !

کە لە ژێرییەوە

تۆ دەڕوانیت و

من دەبارم

ونتم

سەفەر جادەیەکی سەرەوبنە

لە چە پی تۆدا دەستت دەگرم

لە چە پی مندا جگەرە دادەگیرسێنی

شێواوتم ، ماڵ ئاوەدان

شێواو .

دێڕێك لە جانتادا

٨٩

باران ئەبارێ

پە نجەرە ناکەمەوە

بۆنت لەمدیو منەوە

دەستم لە سارد بوونەوە ئە پارێزێ

باران

تەپ و تۆزێکی تەڕە

لە حەوشەی بێ هاتنەوەتدا.

دیشلێمێك لە جانتادا

٩٠

چ ئاگات لە چییە؟

تا دەستم دەشۆم

ئاگات لە من بیّ هەڵنەچم .

باران لەمدیو پەنجەرەمەوە دەباریّ

ژوورەکەم خووساوە لە رۆیشتن

دەستم لە دەیتەکانتا ئەڕوخێت

ترس

بیر کردنەوەیە لە باوەشێکی تەماویی

دەتوانی ئاوێکی فێنك بی بە دوای رۆیشتنمدا ؟

دیاریەك لە چانتادا

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

**٩١**

سێوێك مێخه كرێژ ئەكەم و

لەسەر رێگات

بەجێیدێلم .

سێوێكی مێخەكرێژی سەر رێگا

بگەیەنە نیگا سوێرەكانی پشت پەنجەرە و

بەرێگا لێڵەكان بلێ:

بۆنی پڕ سۆزی پرچێكی سپی

لێمان نزیك و نزیكتر ئەبێتەوە .

٩٢

سنوور هاوڕێیەکی بێ مانەوەیە

تێمپەڕێنە

با لەهەموو بیر کردنەوەکان

هەر تۆ

قژم بکەیتە جێژوانی پەنجەکانت

لەودیو منەوە

پەنجەرەیەکی ئاوەڵا

ترسی ئەخاتە بەر لاستیکێکی بەپەلە

کەچی بۆنت

لە قامکی دەستی چەپمەوە تا پردێك

خووساوی شەپۆلی کەوتنە خوارەوەم .

چ ژیانێکی شینە و چ گەرماییکی برسی

تۆ خەریکی دێیتەوە

دەنگێك لە نهێنیە کانما ئەزرەنگێتەوە و

ڕێ بە من دەگرێ.

نشتیمانێك لە جانتادا

٩٣

ئەوەستم ، لە ناوەڕاستی کاتژمێردا

ڕۆژی لە ساعات چواردا

ئەوەستم لە ناوەڕاستی کاتژمێردا

تا بێیت و خۆمت لا داشارم

لە دەنگە بەرزەکانی جوێن و

نیگا شاردراوەکانی ڕووتی و

بحەسێمەوە

لە ژێر ئەو چارشێوە پڕ خەمە کە دات پێم.

دیتنەوەیەک لە جانتادا

پەنجەرەیەك لە گیرفانتا ٩٤

قژم لە پەنجەتدا سەما

دووكەڵ لە لێوی تۆوە

لە سینەی مندا ئەمن

چ خۆشەكانی من چ خۆش

دەنگت لە من لە كوێی؟

لە تۆ ماندووم

لە من ژوورێك ژیان

عەترت لە مندا بوو

لە خۆمەوە دەدوێم

دەدوێم لە خۆتەوە بۆ خۆم

لێرەی

دەمنووسیتەوە چیرۆك

لە من پەنابەرێك

لە تۆ پەنا

بمگرەوە لە لێواری خواردنەوە

كاولم بكە با دارمم بە سەر شیعرێكا.



پێشكەشە بە جاناتادا

kurdishebook.com
@KURDISHeBook



کۆڵانەکان

حەزیان لە پیاسەیە

گەر دارتەلەکان لێیان گەڕێن.

تۆ لە لەپی دەستەکانی مندا

لە فنجانی قاوەکانمدا

لە پەنجەرەییێك

کە رۆژی دووجار پەردەکەی لادەدەم

دەژیت

تۆ لە مندا

بەردەوام نەقشی هەناسە ئەکێشی .

دیتنیەک لە جانتادا

٩٧

لێرەش

لەم دوورییە سەیرەوە

بەرم نادا دەستت.

وەیلانتم

غوربەتێك كە تێكت شكاند

هێشتا لە باران ئەچێ

جار جار

جادە بەشێكە لە دۆزینەوەت

چەتر سەرسووڕماوترین هاو سەفەرمە و

تەڕبوون رسالەتێكی بێ مانا

رەنگە بالْات

نیشتمانی بێ سنوورم بێ

گۆڕینی جوگرافیا

جگەرەییێك بوو لە لێوتەوە بۆ لێوم ،

گیرفانم پڕە لە چاوەڕوانی و

ڕوو لە پرسیارە شێتەکانی کچێك

پە نجەرەییێك

کە ژیان

پە نجە بە قژەکانیا دێنێ.

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

٩٨

سەفەر جانتایەکە

نیوەی زیاتری لەماڵەوە چاوەڕوا نمە

دەستەکانم لە من ئازاترن

سارد سارد

گەرمن،

ڕەنگە

منێك بن لێورێژ

لە چووزانم و ترس.

بەڵام ئازان و

بەجێ نامێنن

بڕوا بکەن

دەستەکانم لە من ئازاترن .

٩٩

بمرفێنه _با_

جار و بار

باوك له لێوار په نجه‌ره‌كه‌م ده‌نیشێته‌وه و

باوه‌شێك هه‌ور ده‌داته ده‌ستم .

حه‌بێك هه‌ڵئه‌ده‌م و

مژێك خوێن و

درۆیێكی لووت به‌رز .

بۆنی ( مه‌گنۆلیا )نزیكتره له دایك .

پرچم له ئاوێنه‌دا پیر ئه‌بێ و

منداڵێك له‌م به‌شه به‌دواوه باڵی لێ ده‌ڕوێ .

خوێن له لێومه‌وه

ده‌رژێته سه‌رت و گه‌رم داده‌یێ.

گۆرانی كیلۆمێتره‌كان ده‌جاوێ و

قریشكه هه‌ر به‌شی فڕینی من ده‌كا.

چه‌ند ده‌رگا تا بڕینی سه‌رم رێیه؟

هیوا حه‌رفێكه له دڵی چۆڵه‌كه كه تۆقی.

پە پوولەکانی ئەم چیرۆکە شەقەی بتڵیان دێت،

قورسی بەسەرمەوە داتدەنێم .

لەم سێبەرە نامەیەدا

سەر لەیەک خەویشم بشەوێنی

نزیکتر دەبیتەوە لە مەنتیقی )) و ( جوودمی )

هەی با !

بمرفێنە

دیکتاتۆرێک لەم شیعرەدا

گوڵ دەدا بە دوو بەشکراو لە نێوان دوو پۆلیسی خەوتوو.

خزامە کراسەکەتەوە

خۆزگە دەستم لە هەموو دەستەکان گەورەتر با

تۆیەک زیاتر دەڕژایتە لە پییەوە .

لەو کافە دوورەدا

فاڵچییەک وتی:

خەتتی بوونی تۆ درێژترە لە خەتتی بوونی من .

نەنکم دایشاردم

ئەو حەز دەکا

خوا پڕ بە وەنەوزێکیدا بکا و دابچڵەکێ

دڵت لە مشتتدا نەبێ

کەس حوکمی پێ نادرێ

لە تەختەکەمدا بنوو

بەیانی شەڕ بەدەم باوە دەشەکێ

سەرباز تۆ نەبی

سنوور و جانتای چی؟

بە کۆڵمەوە تەختێکە و وڕێنەیەك

لارترین هەنگاوەکانی تۆ

لە باخچەیش جوانترە

کە دەڕشێنەوە بەسەر

کۆڵانە دەست بڕاوەکانا..

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

چ هەڵاییێکە لە منا ١٠٠

حەز ئەکەم

لە پەنجەرەوە چەترێ فڕێ بدەمە کۆڵان و

ڕێبوارێك سەر هەڵبڕێ و بڵێ-م :

وتم با تەڕ نەبی

پێبکەنێ و دڵنیا بم ژیان بەردەوامە

حەز ئەکەم نامە بنێرم بۆ کەسێکی دوور

بڵێم : کاتت هەیە بێی چاییەك بخۆینەوە؟

بڵێ: کات و مەکانم تۆیت و

من هەست بکەم عاشقم .

حەز دەکەم

دەستی کەسێك بگرم

کە تەنیا لەسەر کورسییەك دانیشتووە و

بڵێم : دێی پێکەوە بیر لە ون بوون بکەینەوە ؟

ئەو دەستی لە گیرفانی بخات و بڕوات .

بێتیە پەیمانێك لە جانتادا

من دڵنیا ببمەوە کە ژیان

نە شیعرە و نە چیرۆك.

ژن بوونم بە دار و دیوار بسەلمێنم .

حەز دەکەم

بەیانییەك بەهار لە خەونێکدا لێم ون ببێت و

تەنیا و بێ بەهار

لە خەو هەستم و

هەست بکەم بەختەوەرم .

١٠١

من

چ سەرەڕۆ وێرانتم!

تۆ

چ لەسەر خۆ بیرم ئەکەیت!

من ئەنووسم: چەتر

تۆ پێبکەنە

من ئەنووسم: خوا کا ئەم بارانە

خۆش نەکاتەوە

تۆ،

دەستم بگرەو بڵێ:وەرە با باران بمانبا

من ئەنووسم: دەتەوێ نەڕمم؟

نەرم لە گوێما بڵێ هەیت

ئەو کاتەی نامەوێ باران خۆش بکاتەوە .

١٠٢

دوێنێ

دەستی چەپی خستە گیرفانی چەپی  من  و

شەقام بەڕێ کەوت.

ڕۆمانێك بە لاماندا تێپەڕی

سەرم سپارد بە سەرت  و

من  و شارێك

سەرانسەر

پیاسەیەك بووین

لە غوربەتەکانی دیواردا .

دیتیە یەک لە جانتادا

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

١٠٣

که لێت دەڕۆم مەوەستە و بڕۆ

دەستم ببەرە کافی شاپێك و

شیعرێك لە قاوەکەمدا بتوێنەوە

دەزانم

جاری وا

دەتوانی پە نجەرە م بیت

پە نجەرەیەك

کە باران لێی تۆرا و

بوو بە سەفەر لە هەرچی کتێبە

تۆ لە دیوار بدوێ

من لە بێ دیواری

ئاسن گەمارۆی داوین و

تۆ ساردی،

خۆکوشتنێك ، مشت مشت

( جن ) و ( بسم الله ) یە

گەر ببی.

۱۰٤

که رووت تێدەکەم منێك چاوم تێدەبڕێ

لە ئێستاوە تا هەین

ژیان ئەو شەقامە دوورەیە کە هەر

لە پارەوە تا من

لە تۆوە تا من

لە منەوە تا خۆم

هەر باسی تۆ بوو

لە تۆوە تا دەقاودەقی خۆم

منێك لە کۆنەوە عاشقتە و

شەڕی سینەما و شیعری تازە ئەکات

١٠٥

باخێكی بێ دار

ماڵێكی چۆڵ

كانا پەیەك و مێزێك..

دانیشتبوون

وشەكان وەك هەنگ لێیان ئاڵابوو

گریان

شەڕ

پێكەنین

شیعر

ڕۆكرابوون

لە باوەشی یەك بۆ شوێن دەگەڕان و

لە وێنە گرتنەكانیان بۆ ناشوێن

_با_یەكی سارد لە ژوورەكەدا هەڵیكردبوو

خۆرێكی گەرم لە باخەكەدا دەدرەوشایەوە

بەدەم ژیانەوە

ڕوویان لە دیواری بەرانبەریان بوو

بۆ دەرگای مەرگ دەگەڕان.



پشیلەیەك لە جانتادا

دوو جار منت راچڵەکان

جارێکیان لات وابوو ترساوم

جارێکیتر واتزانی ترساوم

دوو جار یاسات بە سەرمدا سە پاند

جارێکیان لات وابوو تەنیام

جاری دووەم پێت وا بوو تەنیام

دووجار بەیەکجاری منت گۆڕی

یەکجار فێرت کردم فریشتەکان دوو باڵیان هەیە

دووبارە فێرت کردم فریشتەکان باڵێکیان درۆیە.

دیشلەمیراک لە جاناتادا

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

**١٠٧**

هەڵدەهاتم لە تۆ

کەچی هەڵاتی لە مندا

ژیان

وەك بۆن وەك شیعر

دەستی لە گەردەنی من دایە

چاوت رەش رەش

پێدەکەنێ

ئاسمان

لە وێستکەدا وەستا

جانتاکەی دایە دەستی جگەرەیەك و

بەرەو من

شەڕی جیهانی

بە ماچەوە

وەستاااا.

١٠٨

زۆر جار

شتێك لە جیاتی ئەوەی

لەلای چەپمەوە لێبدات

لە گیرفانمدا دەگری.

ئەو کاتەیە

کە ئیتر دیوار

چی پەنجەرەیە کۆی دەکاتەوە و

چاوەڕوانییەکانم دەدەم بە ((با))

خۆی بهاوێتە نێو قووڵترین زەریا و

هەموو بەهارەکان

هەڵتەکێنێ لە ئەوەی پێ دەڵێن :

تۆ.

١٠٩

بەدەستێکت قاوە بۆ باران تێدەکەی

بە دەستێکت هەورت ڕاگرتووە نەکا بباریٚ

بەسەرمدا و نەبیت

نەبیت دەستم بگری و پێبکەنین

نەبیت و بترسم ،

نەوەك خەون ببینم ،

نەبیت چیرۆکەکا نمانت بۆ بگێڕمەوە،

نەبیت و خەم بخۆین کە نیت.

بە دەستێکت ئاگات لێمە داگیر نەکرێم

بەدەستێکت ئاگات لێیە چەن داگیرتم .

١١٠

دەستەکانت شارێکن

پڕ لە میوزیك و سینەما

پڕ لە پیاسە و شیعر و درۆ ،

خەیانەت،عەشق ، سەفەر،بۆن.

کە لە شەڕ دێمەوە

جانتاکەم تەنیا

لە کۆڵانی دەستەکانی تۆدا دەتوانم دابنێم و

بحەسێمەوە

کە لەشەڕ دێیتەوە

تەنیا دەتوانی لەمندا

بنووی.

خۆر ئاواکان

لە دەستەکاندا

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

دەگەڕێین بۆ شوێنێك تێیدا بژین .

وەك دیوار

دەور تا دەوری یەکتری دەتەنین

دەستەکانتم خۆشدەوێ ،

کە رقیان لە سنوورە و سەرباز .

ئەمجارە

کە لەشەڕ هاتینەوە بڕۆین بۆ کوێ؟

١١١

**ئیشم هەیە**

**شەو کە قاڵاوەکان خۆیان حەشار ئەدەن**

**سەرم دێشێ و**

**سەرم سوڕدەمێنێ**

**لەو هەموو سووراوە خەوتووەی درۆ**

**لە دەمارەکانی یەکتریندا**

**دێین و دەچین**

**دەرمکە.**

**دەرت دەکەم .**

**هەناسەی چنراوە**

دەستت کە زێدمە و دوور

دەستم بگرە و

دەری بکەین خۆمان لە دەمارەکانی یەکترین .

یا مقرب بە درۆ

سێوێك خلۆر کەوە.

**١١٢**

**كاول و تەنیاتم**

**وەرەوە .**

**قژم کۆ بکەوە**

**لەم کۆڵانانەی بە کۆڵمەوە ،**

**با ((با))بمبات و**

**بنیشمەوە**

**لەسەر کورسییەك بەتاڵ**

**لە هەرچی چرکەیە.**

**لەم ماڵەی کردووتە بەرم**

**بۆنتم گرتووە .**

**شارێکی بوردمان کراوی ماندوون دەستەکانم**

**وەرەوە .**

دیتیلیەمایەك لە بجانادا

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

١١٣

دوینێ پارك هات و

پاییزانە دانیشتە تەنیشتمەوە

دەستم لە گیرفانت نا و

جادەیەك

بە کوڵمەوە هەناری گرت.

تۆ گەڵا زەردی کردی و

من

لەرزی

چلێکی رووت.

هەموو زستانێ

بەفر

بۆنی تۆ ئەگرێتە خۆی

کە دەخلیسکێم و

ژان ئەبارێتە ئەژنۆمەوە

دەست بە کوێوە بگرم

بیرت گەرمم کاتەوە .

**١١٥**

**ماتم وەك هەموو**

**پەنجەرەكانى دنيا**

**كە هەڵم**

**بيرى پەنجەتيان دەخاتەوە.**

پشتیوانى لە جانتادا

١١٦

تەمای منداڵێك لە مندا

جۆلانیٚ دەكات.

نابیٚ

بیر لە فڕین بكەمەوە

گەنمێك لە گەروومدا

هەناسەكانم بدزێت .

تەنیاتم

بێتیلیەیەك لە جانتادا

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

١١٧

به چاوەکانی خوا

خوارتر لەمە

هەرچی

پێڵاوە بێ پێ لەمندا

رادەکات.

ساردتر لەمە

ئۆتۆمبێلترین شەقامی

ئەم شارەیش

قریشکەیە.

١١٨

تەم

یانی

ئەم ڕێگا تەمایەرتە

کە تۆهەیت و هەرنیت.

پێشکەشێک لە جاڵتادا

**١١٩**

**دەمارەكان بیابانن**

**نینۆكم بۆنی**

**لا ملی لێدەچۆڕێ و**

**لە چاوتەوە**

**تك تك**

**دەڕژێمە سەر جۆلانەی تاریكی**

**كە تیك تاك**

**یاو دەكات و**

**شەقام رۆحی دەردەچێ**

**بەلای دەرچوونتەوە**

**لەم باڵانەی من ،**

تشیلیەیەك لە جانتادا

که میراتی دایکمه و

که تەنیا

باوکێك

ڕۆچوون لە مردنێکی دووری دایکم

بوو بە بەشیی و

من

پیر بووم بە دیار

پیر بوونیەوە .

با خوێن بین

خوانەناسێك زەرد هەڵگەڕاوە

دەمارەکانی بیابانە و

سەری بڕاوی چۆلەکە

دابەش دەکات .

چ هەڵا و هەڵامەتێکە

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

شار پڕ بووه له کۆڵان و

هەر دارتەلێك

دەستێکی خوێناوی خۆی لێ شۆڕ کردووەتەوە

لەودیو پەنجەرەکان

قاپێك پڕ له سووپی گەرم دانراوە و

لەودیوی تریيەوە

بۆنی گۆشتی لاڕانی بەشەر دێت

منەت بارین بە هەموو

گۆشت فرۆشەکان و

ئەو دەمارانەی بوونەتە بیابان.

تیك بدەن لەم شیعرە و

له مێزێکدا بینێژن

که بارە لەسەر شانمان منەت.

**١٢٠**

**کوڕەکە**

**شانت لادە!**

**دەمەوێ ژێر پێم چۆڵ بێت و**

**لە گوارەکەمەوە**

**شۆڕ ببمەوەو بڕۆم .**

**حەزدەکەم**

**کە هاتمەوە**

**نە فڕینم لە بیر مابێت و نە هیچ**

**دایك لەماڵەوە بێت**

**باوك فوو لە چاییەکەی بکات**

**منیش**

**بەدەم فیلمێکەوە وەنەوز**

**شانت لادە کوڕەکە!**

دیتیلیەیەك لە جانتادا

خوێن لە ئۆتۆمبێلەکەمان دەچۆڕێ

هەر تەقەی دێت سەرم

لە چۆڵەوانییەی وتت

خۆڵ لە بن ددانەکانمان

مردووی لێدێت و بۆنی

کۆڵانێك دەستی گرتووە بەسەر سەریەوە

ئێش دەقریشکێنێ

لادە شانت

دیوار دەستت بوو

کە دارما

شار غەریبێکە

بە بۆنی فەست فوودەکانەوە

هێلنج هێلنج

لەباری دەچێ و

له باڕەکاندا له دووی جێگایەکه

بارەکانی  سەرشانی لەسەر دانێت

شانت لاده کوڕەکه!

دەمەوێ بڕۆم که هاتمەوه

رێك وەرەوه هۆتێل تۆ

بنیشەوه له لێوار پەنجەرەکەو بڵێ:

خانم! ئێمه دەبێ به دیالۆگ کێشەکانمان چارەسەر بکەین

من خواکا له بیرم بێت بڵێم:

دیالۆگ له گوارەکەمەوه

خۆی شوڕ کردەوه ، ده شانت لاده بڕۆم .

پیتیپیەك له جانتادا

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

١٢١

پیاوێك

ژیانی لە گیرفانی دەنێ و

دەست بە ژماردن دەكات.

ژنێك

میلەكانی مەچەكی

دەكرۆژێ .

پیاوێك

پێڵاوێكی مردوو لە باخەڵ دەنێ و

دەگری.

ژنێك

سورێكی بڕاوی لە سەررانە و

پرچی دادەهێنێ.

پیاوێك

لاملی ژنێك  بە  کلیلێك

هەڵدەکۆڵێ.

ژنێك

مەمکەکانی دەبڕێتەوە و

لە دوتوێی کتێبێکیان دەنێ.

پیاوێك

جگەرەکەی لە گلێنەی ژنێکدا دەکوژێنێتەوە .

ژنێك

دەستەکانی دەبڕێتەوە

نینۆکەکانی دەڕەنگێنی.

پیتیەك لە جانتادا

پیاوێك

لە گەڵ خۆی جووت دەبێ.

ژنێك

دەست بە خواردنی خۆی دەكات.

پیاوێك

رەحمی ژنێك كفن دەكات  و

دەینێژێ.

منداڵێك لووتی دەگرێ.

چەند كەسێك

ژنێك  و  پیاوێك دەنێژن .

کەسم!

پاییزە

دەستەکانم لە گیرفانتا گەرم کەوە.

پشیلەیەك لە جانتادا

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

١٢٣

شتێك لێرەدا هەڵەیە

بۆیە شیعرەکانی تۆ دەگرین

لەم شیعرەدا

شتێك هەڵەیە

بۆیە

کە نیت بیرت دەکەم

شتێك هەڵەیە بەڵام کوا کات ؟

شتێك هەڵەیە بەڵام شپرزتم

بە چیپسێکەوە وەرە تەنیاییمەوە

دەزانم

شتێك هەیە و هەڵەیە.

پشتیلەیەك لە جانتادا

١٢٤

ئێسکم ببە

دابەشی شەقامەکانی شارتی بکە.

پشیلەیەك خۆی لە دەرگا هەڵدەسوێ و

دیوارەکانی شوێنێك بۆنی نینۆکم ئەدات

کە چرایەك دەکوژێتەوە

تۆ تاریك دادێی وەك من

هەمیشە حەبەکانی نێو مشتم

بۆنی ژن ئەدات

من رقم لە چەقۆی کولە

کە ملت ئەستوور دەکات و

دیاریەك لە جانتادا

خۆین وەك مۆبایلییێکی

بە جێماو لە ئۆتۆمبێلێکی مردوو

دەڵەمە دەکات

دەوەستێ

دەمرێ

وەك رۆحت لە لەشت دەرناچێ

نا چۆڕێ

ئێسکم دابەش بکە

شارت دەیەوێ

خۆی بەشتێکی نوێوە سەرقاڵ بکات.

١٢٥

چاوم لە ڕەشاییەك بوو

بەرەو من لەتری لێدەدا

ئاسمان رەش نزم ببوو

ئۆتۆمبێلەكەم

لەسەر ڕەشێكی ورد و خاش حە پەسابوو

برسیایەتی دەگەڕا بە گیانی كرۆكۆدیلەكاندا

بەرەو من دەهاتن و

من دەمدیت

لەتر لێدەدات ئاسمانێكی نزم و

ڕەش دادێ برسی بوون كرۆكۆدیلەكان

من ئۆتۆمبێلێكی بچووك بووم

نەمدەتوانی ببم بە ساڵانێكی دوورو درێژ و

تێریان بكەم

چاوم نوقاند

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

نزم و وردوخاش

با بردیانی

چاوم کردەوە

ئۆتۆمبێلەکەم لە سەر زەوییێکی سپی

گۆرانییێکی هێمنی بۆم دەخوێند و

من

دڵم لە چاوەکا نمەوە وەراندە کۆڵان و

بیرم لە پرمەی گریانی کۆڵان

بەتاڵ کرد.

ئاسمان نزم و رەش

کرۆکۆدیلەکانی کۆ کردەوە و

لە زەلکاوی خۆیدا نووقم بوو.

۱۲٦

قەڵە رەشێك رێ ون دەكات

منداڵێك نووساوە بە دامێنی دایكیەوە

هەورە تریشقە تاقە دارێك دەسووتێنێ

شەمەندەفەرێك جمەی دێ

جانتاییێك لە سەر قەرەوێڵەییێك

دەنگی گۆرانییێك بەرز و نزم دەبێتەوە

كاتژمێر لەسەر)) ایە الكرسی ((دەوەستێ

بن گوێم ئێشێك

دەستم پڕ دەداتە مەرگ

كتوپڕ شریخەییێك



دیتنێك لە جانتادا

دادەچڵەکم

چ بەختەوەرم

چ بارانێکی نەرم دەبارێ

کە سەرم لە بەر کتێبخانەکە دادەنێم

مەرگ هەڵبێنێتەوە و

پەرداخەکە دوور بخاتەوە و

تا لە ئیدارە دێمەوە

چیرۆکی تاوەی پێ بێت.

بستێک لە جانتادا

١٢٧

**پاییزێك**

**لە چێر پێستی مندا**

**بە هات و چوونەکانمان پێ دەکەنێ .**

**ها بمبەوە سەرەتای هەر چییەك**

**کە لات وایە سەرەتایە بۆ ژیان .**

**من لە سەرەتای ون کردنی خۆمدا**

**بە دەم گۆرانییێکەوە لە کورسییەکدا چاوەڕێتم .**

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

١٢٨

پێلۆوەكانی تۆ

شارێكی ئارامن

كە لە تەنیشتمەوە دەنوون

كە لە تەنیشتمەوە هەڵدەستن

كە لە تەنیشتم نەبن

پێلۆوەكانم

شارێكن لە نۆستالۆژیامدا

بێقەرارتن .

لە شەڕترین

شەقامەكانەوە بەرەو تۆ

چاییەك هەیوانێكە كە

لە باوەشتدا

هێمنترین چیرۆكەكانی بەەن

زەمەنێك لە

بۆنت ڕۆدەكاتە من و

ئیتر

خەو ئاڵای هاتنەوەتە

لە دەستەكانی مندا.

لەسەر كۆڵانەوە

بەجۆگەلەكاندا

بەڕێ كەوتووە

هەمیشە ئاڵایەكی شپرز و

چەند دارێكی ماندوو

كە تەرمێك

بەرە و

انا الله ...

لەسەر شانیان بەڕێدەكەن و

گۆڕەپانێكی ئاڵۆز

كۆتایی

فلاشەكانە.

من

هێشتا لە ڕێدام

خوێنم جوگرافیامە و

پرچم زەردێكی مەیلە و نیوەڕۆی

وڵاتمە.



تشێلەیەك لە جانتادا

١٣٠

نۆ ، سێ ، شەش ، دوازدە

ئەمان و

ژمارەکانی نێوانیان دووجار لە بیر دەکەم

ئەمە کاری ئەمرۆم .

کەسێك بێت و پێم بڵێت

باتری زەمەنی بەیانی لە کوێ فڕێ بدەم؟!

کەمێك لای ئەم شیعرەم بمێننەوە

ئالارمێك حەبێکی راگرتووە

بیخۆم.

١٣١

لەسەر جانتاكەم دانیشتم

قوڕی پێڵاوەكانم خۆشویست

ئێشی سەرپەنجەكانیشم

دەستیشی كە لەسەر شانم بوو

ملیشم كە بۆ لای دەستی لار ببووەوە.

كزەبایەك لە بن گوێم گۆرانی ئەوت

جادەیەك و بلیتێك

نووسابوون بە بن گیرفانمەوە.

دەستەكانیم داماڵی و

جانتاكەم هەڵگرت .

ویستم بڕۆم جانتاكەم دانا

پاڵتۆكەم ون ببوو

دیتیلیەیەك لە جانتادا

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

په نجه‌کانم ئێشیان نه‌ما

ملی رێگام به‌ره‌و ده‌سته‌کانی گرته‌وه

به‌ر ده‌سته‌کانی تاکه ده‌ستێکن

هه‌میشه بۆنی دووکه‌ڵی جگه‌ره‌یان لێدێت

شانی منیش تاکه شانێك

هه‌میشه حه‌زی له ده‌سته‌کانییه‌تی

له‌سه‌ر جانتاکه‌م دانیشتین

کزه بایه‌ك به گوێماندا گۆرانی ئه‌وت

رۆیشتن له پاڵتۆکه‌م ده‌گه‌ڕا.

ئەونە وتم :كورە مەكە،

بزانە ئەم كەنيشكە

چۆن هۆن هۆن دەگرى و بيرت دەكات .

وتم :ببينە چۆن

گەڵا رۆژەكا نمانيان وەراند و

چۆن چۆلەكەكانى ئەم دارە

جۆلانەكانيان بەجێهێشت و

دڵياندا _با_بيانبات

ئەونە وتم تا لە بيرم چوو بڵێم:

تەنيا وەدووى باران كەوتم

نەمزانى كۆڵانەكانى ئەم شارە

شارەزام نين و ونم دەكەن لە خۆم.

ديشتيمانيەك لە جانتادا

چوزانم روو لە هەر كوێ بكەم سەرم دێشێ؟

گوتت: بوەستە دەستەكانی باران

لە ملت توند بكە  و  بۆ هەمیشە دابارە.

بێژم چی تۆ وا بوویت و من وام .

ئێژم ، بڵێی لە رۆیشتنندا

ئەم هەورە تریشقە لە گیرفانت دانەكەوتبێ؟

بڵێی كە  پێم بڵێی بارانت لە كوێ چاڵ كرد

بتوانم بێژم:چ  خۆشە ئێستا ماڵئاوایی

تەنیا كورتەنامەیەك و كلیكێكە.

١٣٣

**کەکلیلەکەم**

**لە دەرگادا دەسووڕاند و**

**ماڵەکە تاریك ببوو**

**ئاگام لێبڕابوو**

**دەمزانی تەنیام.**

**کە حەزم لە کافی شاپ و سینەما نەما**

**دەمزانی،**

**کە بەردەوام کتێبێك لەسەر تەختەکەم بوو**

**پێویستم بە تەلەڤزیۆن نەما.**

**پشتی دەرگام داخست**

**پەردەم لانەدەدا**

**دەمزانی،**

**بەڵام کە هێرش کرایە سەر**

**بچووکترین هەوڵی من بۆ داڕمانی تەنیاییم**

**زانیم ،**

**بەشەرییەت زۆر لە من تەنیاترە!**

kurdishebook.com
@KURDISHeBook



ژیان خۆڵەمێشێکە بەدەم ((با)) وە

باوە بەدەم بیرکردنەوە.

چ چۆلین لە یەك

شۆڕدەبینەوە بە لێوار بوونمانەوە و

لە یەك بڕواین و دابڕاوین لە یەك.

دەستمان خوێن خوێن سوور

لە ڕەگی لاملی شیعر.

قاڵاو قاڵاو مێزێك كۆمان دەكاتەوە

گڕ گڕ دەستمان گەڕیدەی تۆزێك ڕشانەوە.

دوورین بەشەڕ لەیەك

بە شەڕ نزیك نزیك لە یەك .

ماندووتانم ماندوو

هەڵواسراون سەر و بن لە زەڵكاوی سەر .

لینج لینج لێتان دەڕژێ لە چاوتانەوە نم نم سەفەر

بڕۆین ، بژین

چیتانداوە لە مردن، مرۆڤەكانی وڵاتی هیچ؟

١٣٥

جانتاكەم لە شانە

نا ببورە جانتاكەمت هەڵگرتووە

نا نازانم جادەمان لە كۆڵە.

هاوارت كرد :لەتر ئەدەم

بەسەر پێت بە پێتی رۆیشتندا ))

هاوارمان كرد : وازمان لێبێنن لە رێن

گەیشتن خۆ بە ئێمە نییە

وتیان:بگەن زوو بگەن و برۆن

كەسم سەرمات بوو

برینی سەر دەستی چە پم گرت بۆ دەنێرێ

ئێمە لە رێین ئەوان چوزانن..

دیتیمیەك لە جانتادا

که چوار دیواره مردووه‌کان  و

دوور کەوتنەوەمان لێ دەردەکەوێ

دەستە سەردەکانم دەبەمە ژێر کراسەکەی

کە دەگەینەوە نێو شار

پرچم بۆن دەکات  و

درەوشانەوەی فرمێسکمان

تێکەڵ درەوشانەوەی

میلە ماندووەکانی مەچەکمان  و

چراکان دەبێت.

کە دەگەین هەر کامەمان

دەبینە دوو کەس و پێکەوە

بەرە و ماڵەکانمان دەڕۆینەوە  و

تا بەیانی باشێکی دیکە

چراکانمان دەکوژێنینەوە؟

١٣٧

دیوار

په نجه‌ره‌كانی ده‌خاته باوه‌شی په‌رده‌كان و

سووچێكی بۆ جگه‌ره‌یه‌ك ته‌رخان ده‌كات

كه مژ له مه‌مكی رۆژنامه‌كان ده‌دا و

كتێب كتێب ، جنێو به دایك.

ئاسمان زه‌رد ده‌وه‌رێ و

هه‌ڵم هه‌ڵم بۆی ده‌خه‌وێ.

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

١٣٨

هەورێك دەبارێتە سەر لپی دەستم و

خولیاکانم یەکە یەکە ڕەدوو دەخات

بۆ ئەوەی لەژنیەتیمدا

خۆیان لە پشت عەشق داشارن و

لە سێبەری خۆیان سڵ کەن .

من دوو گیانم بە خۆم

چی ژان و قریشکەیە دەتدەمەوە

با بێ حیساب بین

کە بێ حیساب ، حیسابەکانی دڵت

لە دڵم جیا دەکەیتەوە .

کتێبێکیشم نییە نەتدیبێ

تا بەو بیانوویە بتهێنمە بەر کتێبخانەکەم و

له ناكاو گوڵێك بەربێتەوە و

ماچێك بتزازێ

گوێم دەزرەنگێتەوە

زرینگە زرینگی گوارە و بازنە و

چاو كز كردنەكانی ژێر مۆمی سفرە ساردبووەكە..

چاو لە دەرگا بڕینەكانم و

هەموو هەموو با بێ حیساب بین

كە نەبێ حیساب

حیسابەكانی دڵت لە دڵم جیا دەكەیتەوە .

بسپێرە بەدڵ لە جانتادا

١٣٩

با وەهمەکانی پەنجەرەو باران

نەمگرمە خۆیانەوە

من لەمدیو خۆمەوە

ئاشت دەبمەوە

لەگەڵ مانگ و بێتاقەتییەکانم

ناشارمەوە

بیرکردن

هەمیشەییترین عادەتمە

با بوونیشم

لێوانلێو بێت لە نەفرەت.

شەڕەكانی دنیا ئەنێرێتەوە گیرفانم

شەقام ئاشوفتە ئەبێ

گۆرانییێك دەملێتەوە و

حەیرانتم ئەكا ، حەیران .

مەییە، خوات بێ

خوایە بڕوانە

چ سارد بیرت ئەكەم

چۆڵە بوونت ،

هەر وشەیە لە وشە هەڵئەكەوێ و

هەر منم

كە حزم لە حەز

پشیلەیەك لە جانتادا

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

هەڵدەلەرزم لە لەرزی دەستم

کە تۆی لێ ون بووە

خۆڵ و هەوا و ماڵ و کۆڵان

لە شوێنێکن کە دەنگت نامێنێ و بیرت دەکەم .

چوومەتە ژێر باڵی پەپوولەیێك

گەرم ببمەوە لە نمەی شەونم و

نەمچنن لە تۆ

بمکە بەرت و بمبە

شارم دەگوازمەوە بۆ دەستەکانی تۆ.

١٤١

ئیتر هەرچی هەیت و نیت

کەڵافەم دەکات

سەرێکت لە سەرم گیرداوە و

سەرەکەیترت

لەو پرچە ئاوەڵایانەی

کە بۆنی من دەدەن

بۆنی من ....

بۆنی ژنێك

کە دوور بکەوێتەوە

هەڵدەوەشێتەوە .

هەڵتەوەشێنمەوە و

ببە ملپێچی کۆخەی ئەم شارە

لێت نەشێوێ

مانگ بوو جگەرەکەی دا بە من

تۆ بوویت لە ئاودا خنکاندت .

١٤٢

ریستورانتێکی بێ موزیک

تەلەڤزیۆن لەوێ

سەری بە خۆیەوە قاڵ بوو

تۆپی پێ و هەواڵ و گۆرانی

یەکیان جێی گۆڕی

ئەویتر نزیک بۆوە

لە ژێر مێزەکەدا

دەستەکانیان گرێدا

کاتژمێر خەریک ئیشی خۆی بوو

میلێکی کورت

دوای کەوتبوو

قسەکانیان دووبارە بوو

عەشق و عەشق و عەشق

ئەو ریستورانتە قەبرێک بوو

ئەوان دەرەوەیان تێدا دەشاردەوە

١٤٣

سەرم خستە سەر سینگی و وتم :

بچووك بووم

حەزم لە شوكولات بوو

ئێوارە تاریكی بێتاقەتی دەكردم

شەوێكیان فیلمێك ترساندمی

كۆڵانێك بوو كوڕێك هەر نەیبردم

دایكم هەمیشە شیعر بوو . . .

هێشتا سەرم لە سەر سینگی بوو

لە خونمدا خەونم دی

سەری لەسەر سینگی ژنێكە و

بە چیرۆكەكانی من دەیخەواند

بێتیم ئیمەك لە جانتادا

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

١٤٤

هەموو دنیا لێ بووەتە

کراسێکی شینی بێ ئاسمان

خەیاڵم لە دوگمەی ژێر ملمەوە

تا قۆڵەکانی داخستووە.

لایلایەی ژنێکی دوور

کە هێند لە مندا ماوەتەوە

هیچ شتیك هێزی پێناشکێ دەمخەوێنێ و

نووساوم بە چوارگۆشەکانەوە

تەخت و

ژوورەکەم و کتێب

تەنیایی من زور بە هێزترە لە ئازادیم .

١٤٥

که بچووك بووم

نامەم بۆ دایکم دەنووسی

که گەورەتر بووم بۆ خۆشەویستەکەم

دواتر بۆ خۆم

ئێستا که ئیتر نامەوێ بنووسم

نامە دەنووسم بۆ کەسێکی نادیار و

لەبەر کتێبخانەکەم دایدنێم

بێتیلیەیەك لە جانتادا


A Cat in
The Bag
Bahar Huseni
Poetry
2015